# ڕێکخستنەوە وچالاککردنەوەی فۆرمە زمانییەکان لە نێوان پرۆسەکانی بەکارهێنانی زمانی یەکەم و دووهەم

د. شاخەوان جەلال فەرەج – د. ئاڤێستا کەمال مەحموود

**پێشەکیی :**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بواری زانستی زمانی دەوونیی و کۆمەڵایەتیدایە پەیوەستە بە شیکردنەوە و لێکدانەوەکان لە بابەتی فرەزمانیی و خۆی بەو دیاردانەوە خەریکدەکات , کە قسەپێکەرانی دوو زمان لە کاتی بەکارهێنانی زماندا توشیان دەبێت لەو کاتانەدا , کە دەیانەوێت دەستپێداگەیشتنیان هەبێت بۆ کۆدێکی دیاریکراوی زمانی یەکەم و تواناى بەدەستهێنانەوە و گەڕانەوەی یەکە زمانییەکانیان نابێت ، بەو واتایەی منداڵانی کورد بە چ شێوەیەك دەتوانن فۆرمە زمانییەکانیان بەگەڕ بخەن و لە چ کاتێکدا بوونی زمانی دووهەم دەبێتە گرفت بۆ بیرکەوتنەوە و بەردەوامبوون لە ئاخاوتندا هەروەها ئەم لایەنە دەروونییە چۆن لەگەڵ ئاستەکانی زماندا پەیوەندی دروست دەکات.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگی بە جیاوازییە زمانییەکان بە تایبەت ئەو جیاوازی و تایبەتییانە دەدات , کە لە هەر زمانێکدا هەیە و ئەم جیاوازیانەش لە کاتی بەکارهێناندا ( بەتایبەت زمانی یەکەم ) کاریگەری لەسەر ڕەوانی و ناسنامەی نەتەوایەتی دەخاتەڕوو هەر لەبەر ئەم هۆکارانە ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی بە دوو چەشن پرسیارکردنەوە خەریکدەکات :

١. ئایا خوێندن بە کوردی ( پرۆگرامەکان بە زمانی کوردی ) چ کاریگەرییەکی لەسەر پتەوکردنی زمانەکە دەبێت؟ ،
٢. ئاستەنگە زمانییەکان چین و پەیوەندیان بە جۆراوجۆری زمانی لە ژینگەیەکی فرەزمان و لایەنداربوون بەناسنامەی نەتەوایەتییەوە چییە؟ بەواتا پەیوەست بە بەکارهێنان و فێربوونی زمانی دووهەمەوە لە خوێندنگاکاندا یان لە ژینگەی دەرەوەدا ئایا کلتور و فۆرمی زمانی یەکەم دەتوانێت بەرەنگاری بۆخۆی دروست بکات و لە پێڕەوێکدا خۆی بپارێزێت .

لەلایەکی ترەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە کۆمەڵێك گریمانە تاقیدەکاتەوە , کە پەیوەندی بە بەکارهێنانی زمانپژاندن و فێربوونی زمانی دووهەمەوە لە کۆمەڵگای فرەزمانییدا هەیە, هەر بۆ ئەمەش هەوڵدەدەین بەڵگە لە خودی زمانەکەوە بهێنینەوە تاوەکو ئاستەنگ و تەنگژەکانی تێکەڵبوونی دوو زمان لە ڕووی زمانەوانییەوە بخەینەڕوو لە پاڵ ئەم هەوڵەشدا کاریگەری دەوروبەر و چۆنێتی تێگەیشتن لە ئاخاوتن لە ڕێگەی پراگماتیك و زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە ڕووندەکەینەوە .

لێکۆڵینەوەکە هەردوو بواری تیۆری و پراکتیکی لەخۆگرتووە و بەوردی شیکردنەوەی بۆ داتا

زمانییەکان کردووە لای ئەو مندالانەی ، کە فرەزمانن جا وەرگرتنی زمانەکان لە لایان لە دەوروبەر و ژینگەی ژیانەوە بێت یاخود تەنها لەڕێگەی خوێندنگاوە بێت.

## ١) زمانپژاندن و فێربوونی زمانی دووهەم ( چەمك و تێڕوانین )

زمان ئەو ئامرازەیە مرۆڤ بەکاریدەهێنێت بۆ سەرجەم پەیوەندی و لێتێگەیشتنەکانی لە ژیان یاخود بۆ خۆپاراستن و خۆشاردنەوە بە چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت و لەچەندین بواردا بەهۆی گرنگییەکەیەوە لێکۆڵراوەتەوە ، مرۆڤ هەرلەسەرەتاوە ، کە لەدایك دەبێت هەوڵدەدات پەیوەندی لە نێوان خۆی ئەوانی دیدا دروست بکات باشترین ڕێگەیەکیش بۆ ئەم پێکەوەبەستنە زمانە هەر بۆیە ئەو قۆناغە سەرەتاییانەی ،کە مندالّ داوای پێداویستییە سەرەتاییەکانی دەکات بەهۆی گریانەوە پێیدەگوترێت زمانپژاندن ( قۆناغی پێش زمانیی) و دواتریش لە ژینگەکەی دەوروبەرییەوە بەتایبەت لە باوانەوە ( زیاتر دایك) کەرەستە زمانییەکان وەردەگرێت و زمانی بە زمانی یەکەم دەپژێت ، کە لەم زمانەوە کۆزانیارییە زمانی و دوونیاییەکان وەردەگرێت و بەهۆیانەوە ڕێکخستنێکی هزری بۆخۆی دروست دەکات ، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئامرازی زمانیی و دەزگاکەی لە مرۆڤدا تایبەت نییە بە زمانێکی دیاریکراوەوە ، کە تەنها یەك زمان دابمەزرێنیت و دواتر کێشی نەیەت بۆ فێربوونی زمانێکی دیکە ، بەڵکو دەزگای زمانیی لای مرۆڤ کراوەیە و توانستی فێربوونی چەندین زمان لەخۆدەگرێت ( هەرچەندە هێزی بەکارهێنانی ئەم زمانانە لەیەکتر جیاوازیش بن) هەر لەبەرئەم هۆکارە سەرەتای دامەزراندنی زمانیی لە منداڵدا پێیدەگوترێت زمانپژاندن یاخود فێربوونی زمانی یەکەم ، بەڵام هەر زمانێك ، کە دواتر مرۆڤ فێری ببێت پێی دەگوترێت فێربوونی زمانی دووهەم(سێهەم ...هتد) .

لەبەر گرنگی ئەم بابەتە چەندین تێوری هەن ، کە لە فێربوونی زمانی دووهەم و پەیوەندی بە زمانی یەکەمەوە دەکۆڵێتەوە .

### ١/١) مۆدێل و تێورییەکانی فێربوونی زمانی یەکەم و دووهەم

تێورییەکانی لە بواری درککردندا کاریان لەسەر فرەزمانی و چۆنێتی فێربوونی کردووە زۆرن لە گرنگترینیان تێوری بیالستوك Bialystok’s Learning Model لە(1978) کەبە مۆدێلی (شیکردنەوە– کۆنترۆڵکرد)( Analysis- Control Model ) ش ناودەبرێت و بە پێی ئەم تێورە کۆمەڵە ستراتیژیەتێك دەست دەگرێت بەسەر فێربوونی زمانی یەکەم و دووهەمدا ، کە ئەوانیش دوو شێوەن ستراتیژی فۆرمیFormal و ستراتیژی ئەرکی Functional فۆرمییەکان پەیوەندییان بە ئاشکرایەتی و ئاگایی و ئۆتۆماتیکییەتی کۆزانیارییەکانەوە هەیە و ئەرکییەکانیش ئامانجن بۆ بەکارهێنانی زمانیی .

هەروەها مۆدێلی فرەڕەهەندی Multidimensional Model ئەم تێورییە خۆی لە دوو ڤێرژندا دەبینێتەوە کە Clahsen (1983) دیاریکردووە مۆدێلی یەکەم خۆی لە ڤێرژنی دووهەمی زماندا دەبینێتەوە و مۆدێلی دووهەمیش خۆی لە شیکردنەوە و ناسینەوەی تاکگەراییانەی گۆڕاوەکانی

تاکەکەسدا دەبینێتەوە هەروەها مۆدێلێکی دیکەش بریتییە لە تەکنیکی کۆنترۆڵکردنی بیر Adaptive Control of Thought (ACT) ئەمیش ڕێبازێکی درککردنەو گرنگی دەدات بە لێهاتووییەکانی فێربوون و فێرکردن .

چەندین تێوریی کاریان لەسەر ئەم لایەنەی فێربوون کردووە (فرەزمانی) لەوانە ( ڕەفتارییەکان ، ڕێزمانی گواستنەوە ، تێورە سایکۆلۆژییەکان ،تێورییەکانی کارلێکردن ، ...هتد) ، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا گرنگی بە لایەنی درککردن دراوە ،کە زانستی زمانی دەروونی پەیوەست بە زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە کاری لەسەردەکات .

ئەم ڕوانگەیە گرنگی بە پرۆسەکردنی زانیارییەکان دەدات Information Process لەکاتی فێربوونی دووهەمدا هەروەها مامەڵە لەگەڵ ئەو پرۆسە ئاوەزییەکاندا ، کە بەشدارن لەم فێربوونەدا ئەمانەش هەمووی پەیوەستن بە ئاگاداریی و هۆشیاریی تاکەوە awareness لەسەر ئاستی خودی و ئەو ژینگەیەی تێیدایەتی ، هەربۆیە ئەم هۆشیارییە ئاماژەیە بۆ چەند پرس و هۆکارێك :

١. چۆن کۆزانیاریی گەشەدەکات ؟
٢. چۆن کۆزانیاریی شێوەی لەخۆی / ئۆتۆماتیکی دەبێت ؟
٣. چۆن کۆزانیارییە نوێیەکان لەگەڵ کۆزانیارییە پێشینەییەکاندا پەیوەندی دروستدەکەن؟

پرسیارەکانی پێشوو گرنگی بە ( واتاداری فێربوون) دەدەن ، کە تەنها خۆی لە ڕەفتاردا نابینێتەوە بەڵکو دەکرێت پێناسە بکرێت وەك ئامرازێتی ئاشکراو ئەزموونبەندی لەکاتی تێگەیشتنی ( واتا ، هێماکان ، چەمکەکان و کرۆکە واتاکان) دا کە هەمووشیان لەگەڵ درککردنە تاکگەراییەکاندا وابەستەی یەکترن.

هەروەها ئەم دیدە پرسیارکردنیشە دەربارەی سروشتی لێهاتووییەکانی درککردن لەگەڵ ئەگەری یاسا و فۆرمەکان چونکە درککردن جیاوازی ناکات لە نێوان کۆ زانیاریی زمانیی Linguistic Knowledge و بەکارهێنانی ئەو کۆزانیارییەدا ئەم بارەش لەوەوە سەردەگرێت ، کە کەسانی فێرخواز جەخت و سەرنج دەخەنە سەر چەند زانیارییەکی تایبەت ، کە دەست بە جێ دەگوێزرێتەوە بۆ یادگەی کورت _خایان و دواتر بۆ یادگەی درێژ_خایان لە قۆناغی دواتریشدا پردی پەیوەندی نێوان یادگەی کورت _خایان و درێژخایان بەسود وەرگرتن لە زانیارییە هاوبەشەکان بونیاددەنرێت لە کۆتا قۆناغیشدا فێرخوازی زمانی دووهەم بە دوای زانیارییە پێشینەییەکانیدا لە یادگەی درێژ_خایاندا دەگەڕێت و یادگە و زانیارییەکانی چالاکدەکاتەوە .

لە ڕاستیدا هەرکەسێك ، کە فێری زمان دەبێت نائاگایانە کۆمەڵێك دەزگای هاوبەش و پرۆسە چالاکدەکاتەوە ئەمەش بەمەبەستی ڕێکخستنی پێڕەوی ئەو زمانەی فێری دەبێت .

لەلایەکی ترەوە لێکچوون و جیاوازی لە فێربوونی زمانی یەکەم و دووهەمدا هەیە بۆ نموونە هەندێك پرۆسەی سایکۆلۆژی شاراوە لە فێربوونی هەردوو زمانەکەدا بەشدارن وەك لە کاتی فێربوونی فۆرمی وشەی نوێدا هەروەها لە کاتی بەکارهێنان و گۆڕینەوەی زانیاری لە نێوان هەردوو زمانی یەکەم و دووهەمدا

MacWhinney ( 2004 : 83) دەڵێت لەبری دامەزراندنی دوو مۆدێلی جیاواز بۆ زمانی یەکەم و دووهەم باشتر وایە کە گرنگی بە یەك قاڵب و فۆرمی مۆدێلێك بدەین کە تیایدا ئەو میکانیزمانەی کەسێك لە بەکارهێنانی زمانی یەکەمدا بەکاریدەهێنێت بە دەستەو گروپ هەر ئەو میکانیزمانەن کە فێرخوازانی زمانی دووهەم بەکاریدەهێنن .

لە ڕاستیدا کۆمەڵێك جیاوازی خراونەتەڕوو بۆ دیاریکردنی ئەدگارو نیشانەکانی زمانی یەکەم و جیاکردنەوەی لە زمانی دووهەم گرنگترینیان ئەوەیە زمانی یەکەم دەبێت باشترین بێت و هیچ کەس گلەیی لەوە نەبێت ، کە زمانی دایکی باش نازانێت ئەگەر حاڵەتی لەم جۆرەش هەبوو ئەوا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی زمانی یەکەم وەك پێویست دانەمەزراوە و گرنگی پێنەدراوە سەرباری ئەمەش قسەپێکەرانی زمانی یەکەم هەست بە گەشەی ناسنامەی خۆیان دەکەن لە ڕێگەی زمانەکەیانەوە ، بەلاّم ئەم گروپ دروستکردن و ئەندامبوونە لە زمانی دووهەمدا پێویست نییە و هەڵبژاردەییە .

لە پاڵ ئەمەشدا(Dornyei (2012: 22 دەڵێت ئارەزووی فێربوون بۆ فێربونی زمانی دووهەم پێویستە ، لەگەڵ سەرنجدان و بەدواداچوونی ، بەلاّم زمانی یەکەم بەئارەزوو بێت یان بێ ئارەزوو هەر لە منداڵییەوە وەك حاڵەتێکی ئۆتۆماتیکی فێری دەبین و منداڵ و فێربوانی زمانی یەکەم هەموو شتێك دەربارەی دونیا لە زمانەکەیانەوە وەردەگرن ، بەلاّم لە کاتی فێربوونی زمانی دووهەمدا بالاّنسی نێوان کۆدەکانی زمانی دووهەم و ئەو چەمکە پێشینانەی پێشتر فێریانبووین ڕێکنییە بەتایبەت لە بواری لێهاتووییەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکاندا .

بۆ نموونە منداڵ لەسەرەتاوە فێری چەمك و فۆرمەکان دەبێت بە زمانی یەکەم پاشان لە فێربوونی زمانی دووهەمدا هەندێك لە چەمکەکان پێویستیان بە سەرلەنوێ پێناسەکردنەوە یاخود ناساندن هەیە ئەمە وێڕای ئەوەی دەبێت گشت فۆرمی چەمکەکانی خۆی دەیزانێت فێریان ببێتەوە بە یاساو دەستووری زمانی دووهەم :




هێڵکاری (١) فێربوونی زمانی دووهەم و زانیارییە پێشینەییەکان

پەیوەست بە ڕێکخستن و فێربوونی چەمکەکان لە نێوان زمانی یەکەم و دووەمدا ، ئەوەمان بۆدەردەکەوێت ، کە تاك وشەکان ، دەربڕاوەکان وەردەگرێت و هەڵیاندەگرێت ، بەڵام ئەم بارە تەنها بەس نییە بۆ ئەوەی لێکسیم و لێماکان بناسینەوە و بەکاریانبهێنیین بەڵکو پێویستە ڕێکخستنێکی دیاریکراو هەبێت بۆئەوەی هەر لێکسێمێك / لێمایەك لە دەوروبەری قسەکردنیشدا پلەی خۆی بدرێتێ بۆ ئەم ڕێکخستن و فێربوونەش پێویستە پرۆسەکانی ( ئەودیو یادگە) کارابکرێن ، کە ڕۆڵێکی چالاکدەبینن لە فێربوونی زمانی دووەمدا و( **سلیمان عبدالواحد ابراهیم**)(**٢٠١٣: ١٢١**) دەڵێت ئەم پرۆسەیە پشت دەبەستێت بە سێ وەچە پرۆسەی سەرەکی :

١. بەئاگایی
٢. دیاریکردن
٣. چاودێری

بەئاگایی خۆی بە چەندێتی بیرکەوتنەوە خەریکدەکات و بڕی ئەو کۆزانیارییە دیاریدەکات ، کە چالاکدەبێتەوە لە پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی زمانیدا و پابەندی ستراتیژەکانی فێربوونن ، و وادەکەن فێربوونی زمانی دووەم لە یەکەم جیاواز بێت هەرئەمەشە ، کە هەندێك لە زمانەوانەکان پێیان وایە ، کە ئەو پرۆسە و ستراتیژە گشتیانەی فێری زمانی یەکەممان دەکات کەمترن لە ژمارەدا بۆ فێربوونی زمانی دووەم هەرچەندە ئەو ستراتیژیانەی دەردەکەون لە فێربوونی زمانی یەکەمدا کەمن ، بەڵام هەژموون دەکەن بەسەر فێربووندا .

دیاریکردنیش مەبەست لێی کۆمەڵێك چالاکی بنەمای جێبەجێکارانەیە پلاندانان و ئاڕاستەکردن و هەڵسەنگاندنی تاکە بۆ کۆزانیارییەکانی لەسەر بابەتێك و ئەم پرۆسەیە ئاماژە بە دوو لێهاتووی دەکات ( أ . مەزەندەکردنی گرانی بیرکەوتنەوە ب. دیاریکردنی پێویستییەکانی بیرکەوتنەوە ) ، هەرچی چاودێریکردنیشە مەبەست لێی توانستی تاکە بۆ پێشبینیکردن لەو کۆزانیارییەی ، کەلەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا چالاکیدەکاتەوە هەروەها چاودێریکردن بریتییە لە بەردەوامبوونی تاك لە تێبینکردنی خۆیدا بۆ بەرەوپێشچوونی لە فێربووندا .

**١/ ٢ ) ڕێکخستنەوە و چالاککردنەوەی فۆرمی زمانیی لە نێوان زمانی یەکەم و دووەم**

لەبەر هۆکاری گرنگی فێربوون و چۆنێتی کارکردنی ئاوەز و کۆکردنەوەی زانیاری لە ژینگەدا پێویستە تیشکێك بخەینەسەر هۆکار و چۆنێتی ڕێکخستن و چالاککردنەوەی زانیارییەکان لە باری فرەزمانیدا .

**٢/١_١) چەمکی ڕێکخستنەوە و چالاککردنەوە پەیوەست بە بەکارهێنانەوە**

هەموو زمانێك خاوەنی پێڕەوە ، کە تەرزی ڕێکخستنی لێما و لێکسیمەکانی تێداتۆمارکراوە و قسەپێکەرانی هەوڵدەدەن لەکاتی ئاخاوتندا دەستیان پێیدا بگات و چالاکیان بکەنەوە ، لێما و لێکسیم لە یەکتر جیاوازن لێما بەرانبەر واتایە ( سینتاکسیشی لە خۆیدا هەڵگرتووە ) و لێکسیمیش بەرانبەر مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژییە و نەك تەنها ئەم دوو یەکەیە لە یەکتر جیاوازن بەڵکو هەردووکیان لە چەمکە ئاوەزییەکانیش جیاوازن چونکە ئەم دوو بابەتە لە کۆزانیارییە زمانییەکاندا و چەمك ئاستی بیرکردنەوە و تاقیکردنەوەیە .

لە ڕۆشنای ئەمەدا دەتوانین دەربارەی کۆزانیاریی کۆمەڵایەتی بدوێین ، کە قسەپێکەرانی زمانێك دەیزانن و سەلیقەیان دەربارەی هەیە بەتایبەت لەکاتی بەکارهێنانیدا بەمەش مۆدێلێکی کۆزانیاریی هەیە کە تەنها تایبەت نییە بە تاکەکان بەڵکو کۆمەڵیش تێیدا بەشدارە بۆنموونە ڕەنگە هەندێك لێما بۆ تاکێك بریتی بێت لە کۆزانیارییەکی دەرەکیی ، بەڵام هەمان زانیاری بۆ کۆمەڵ بریتی دەبێت لە کۆزانیارییەکی ناوەکیی مەبەستیش لەمە ئەوەیە ،کە تاکەکان لە ڕێگەی زمانەکەیانەوە دونیا دەناسێنن ( هەر ئەم بابەتەشە ، کە **شاخەوان جلال فرج** ( ٢٠١١ ) لە ناسینەوە و بەکارهێنانی تابوودا جەختی لەسەر کردووەتەوە ) .

لێرەشەوە دەتوانین بڵێین کۆزانیارییەکانمان دەربارەی زمان ( لێما و لێکسیم ) بەشێوەیەکی هەڕەمەکی نیین بەڵکو ڕێکخراون بۆئەوەی بەئاسانی و خێرای دەستمان پێیان بگاتەوە و لە پەیوەندیکردندا چالاکیان بکەینەوە دەتوانین پێکهاتەی هزر وەك میتافۆرێك بە دوگمە بیچوێنین ، کە لەکاتی بەکارهێنان و پەیوەندیکردندا چالاکدەکرێنەوە واتە هێما کۆدکراوەکان هەر چییەك بن بەهۆی ئەو دوگمەیەوە چالاکدەکرێن و لە ئێمەدا وەڵامدانەوەیەك بۆ هێماکە دروست دەبێت پەیوەست بەمەشەوە هەردوو پێکهاتەی ( کۆزانیاریی ) و ( چالاککردنەوە ) پێکەوە کاردەکەن و بە بەکارهێنانی زمانییەوە دەبەسترێنەوە واتە سکێمایەك کپکراوەتەوە لە شێوەی هەڵگرتندا و بەهۆی بەکارهێنانەوەوە چالاکدەبێتەوە و نیشانەدەکرێت ، مەبەستیش لە چالاککردنەوە بەهۆی بەکارهێنانەوە ئەوەیە چۆن مرۆڤ بەهۆی پێویستی زمان بەکاربردنەوە لە کۆمەڵدا لێمایەك چالاکدەکاتەوە و کاریگەرییەکانی ( خێزان و خوێندنگە) بە شێوەیەك ڕۆڵدەبینێت لە چالاککردنەوەی لێماکانی زماندا ( هەر بۆئەمەش بەشی پراکتیکی ئەم لێکۆڵینەوەیە تەرخانکراوە) ، هەرچەندە قسەکردن لەسەر ئەوەی چۆن ئەم هەڵگرتن و نیشانە زمانیانە چالاکدەکرێنەوە زۆر گرانە بەتایبەت لە نێوان سکێماکانی زمانی یەکەم و دووهەمدا ، بەڵام دەتوانین بڵێین ، کە سکێماکان / کۆدەکان هەوڵدەدەن شریتێك لە سکێماکان چالاکبکەنەوە لە شێوەی تۆڕی پەیوەندیدا بەم پێیەش شریتی کۆزانیارییەکە چالاکدەبێتەوە لەگەڵ ئەو پەیامەی لەسەر شریتەکە هەڵگیراوە .

لەمەشەوە هەر دەستپێداگەیشتنێکی فەرهەنگی لە ئاخاوتندا بەهۆی چەند جارێك پرۆسەکردنەوە جێبەجێدەبێت لەوانە :

١. چەمکەکە چالاکدەبێتەوە وەك بەشێك لە گشتی پەیامی ویستراو
٢. لێما هەڵاوێرکراوەکە لەگەڵ پرۆسەی چالاککردنەوەی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسیدا ، کە چالاکدەکرێنەوە پەیکاڵ دەبێت .

هەر بۆئەمەش دەبێت ڕەچاوی پەیوەندی کۆزانیاری فۆرمە زمانییەکان بکرێت چونکە هەموو چالاککردنەوەیەك مەرجی ڕوودانی تایبەت بەخۆی هەیە ، کە زنجیرەیەك چالاککردن و ڕێکخستنەوەی دیکە بە دوای خۆیدا دەهێنێت لە نێوان بەکارهێنانی زمانی یەکەم و دووهەمدا وەك لێمایەك لەگەڵ چەمکە هزرییەکەیدا لە چ پەیوەندییەکی پۆلۆسیمیدایە بۆنموونە ( نێرگز) لەگەڵ چەمکی ( گوڵ) لە زمانی یەکەدا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ زمانێکی دووهەمیش وەك ئینگلیزی هەمان شتە ، ، بەڵام ( گوێزەر) لە پەیوەندی ( سەوزە) یە لە زمانی ئینگلیزیدا ، بەڵام لە زمانی کوردیدا پەیوەنددارە لەگەڵ (

میوه) و ( سەوزە) دا، پەیوەندی لێمایەك لەگەڵ لێمایەکی تردا وەك(دژواتای ، هاوواتای...هتد).

هەر بۆ ئەمەش Hulstisin (2000) چوار گریمانە دەربارەی هەڵگرتنی کەرەستە فەرهەنگییەکانی فرەزمانیی نمایشدەکات:

١. گریمانەی پێڕەوی فراوانکراو : لێرەدا مەبەست لەوەیە وشەکانی زمانی یەکەم و دووهەم لەهەمان شوێن و کۆگادا هەڵگیراون .

٢. گریمانەی پێڕەوی دوانەیی : هەر یەکێك لە زمانەکان کەرەستەکانیان لە کۆگای جیاوازدا هەڵگیراون .

٣. گریمانەی سیانە دابەشبوون Tripartite: بە پێی ئەم گریمانەیە وشە لێکچووەکان لەیەك شوێندا هەڵگیراون ، کە پێی دەگوترێت Common Store و وشەکانی تایبەتن بە زمانێکیان بە جیا هەڵگیراون .

٤. گریمانەی دەستە یاسا Subset Hypothesis: وشەکانی زمانی یەکەم و دووهەم لە دوو دەستە گروپی جیاوازی هاوکاردا پێکەوە لە یەك کۆگادا هەڵگیراون .




هێڵکاری(٢) پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی فرەزمانیی بە پێی مۆدێلی
The Modified Hierarchical Model




هێڵکاری ( ٣ _أ_)

هێڵکاری ( ٣) چالاککردنەوەی فۆرمە زمانییەکانی نێوان سێ زمان لە تاکێکدا کە زمانی ( کوردی ) زمانی یەکەمەو زمانی عەرەبی زمانی دووهەمە و زمانی ئینگلیزی زمانی سێهەمە




هێڵکاری ( ٣_ب_)

جیاوازییە فەرهەنگی و کلتورییەکان و چالاککردنەوەی فۆرمە زمانییەکان

ئەوەی لەم هێڵکارییانەوە دەردەکەوێت ئەوەیە لە هەندێك بواردا زمانەکان کلتوری تایبەت و جیاوازیان هەیە و زۆربەی چالاکبوونەوەکانیش لەژێر کاریگەری گەیاندنی کلتوریدان، چونکە لە کاتێکدا لە باوانەوە ڕەنگی چاو و قژ بە شێوەیەکی بۆماوەی دەگوێزرێتەوە لە بەرانبەردا زمان لە ڕێگەی کەسانی تر و کلتورەوە دەگەیەنرێت و ئەم پرۆسەی گوێزانەوەی زمانە لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر **جۆرج یول** (١٨١:٢٠٠٠-١٨٢) پێیدەڵێت ( گەیاندنی کلتوری ) ئەم لایەنە کلتورییە وادەکات ، کە هەڵگرتنی کۆدە تایبەتەکان بە کلتورێکی تایبەت بەجیا بێت و فۆرمی چەمکە هاوبەشەکانیش پێکەوە هەڵبگیرێن و زوربەی بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن ، کە دوو زمانی لە پێڕەوێکی فرەزمانییدا وەك دەزگایەکی هاریکاری دەردەکەون چونکە هەموو چالاککردنەوەیەك لە زمانێکیاندا ئاماژەیە بۆ توانای دەرکەوتن و نمایشکردن لە ئاستە جیاجیاکانی پرۆسەکردندا لە هەمانکاتدا بڕی سەرکەوتووی ئەم نمایشەش لە کاتی چالاککردنەوەدا دیاریدەکات ، ئەم پەیوەندییانە لە نێو وشەکاندا لە ناو زمانە جیاوازەکاندا هەیە و لەسەر هەموو ئاستەکانی زمانە بۆ نموونە ( لێکسێمیA لە ئاوەزدا ئاوەزیانە پەیوەندی هەیە بە لێماکانی زمانی B) و توندی پەیوەندییەکانیشیان خێرای چالاککردنەوەکە زیاددەکات.

## ٢/١ _٢)  هۆكارەكانی ڕێكخستنەوە و چالاككردنەوە

كۆمەڵێك هۆكار بنەمای چالاككردنەوە و ڕێكخستنی فۆرمە زمانییەكانی تاكی فرەزمانن ( حنفی بن عیسی )( ٢٠٠٣: ١٦١) گرنگترین ئەو پاڵنەرانە دیاریدەكات كە بریتین لە  :

١. هۆكارە ناچارییەكان :

هەندێك لەو ئاخاوتنانەی ، جێبەجێیاندەكەین ئەنجامی پێویستییە ناچارییەكانە و ئەم بارەش وادەكات جۆری چالاككردنەوەی كۆزانیاریی و فۆرمە زمانییەكان بەشێوەی ( فەرمان , پرسیاركردن ، نەرێكردن ، پاڕانەوە ، دوعاكردن..هتد) بێت وەك:

١.

بۆهەڵبە

بۆبكرە ـــــ نانێكم ـــــ بدەرێ

ناوێت

دەربڕین و چالاككردنەوەی ئەم فۆرمە زمانییانە لە زوربەی بارەكاندا بەپێی دەوروبەرەكان و بڕی ناچارییەكە دەبێت بۆ نموونە دەشێت فۆرمی پرسیاری لە جێگەی داواكردن بێت بۆ نموونە لەبری بڵێین ( نانت لا هەیە ) بڵێین ( نانم بدەرێ ) و لە حاڵەتی فرەزمانیدا تێكەڵاوبوون دروست دەبێت لە دیاریكردنی فەرمان و داواكاری یاخود هەندێك جار وەرگێڕانی چەمكەكانی زمانی یەكەم بۆ زمانی دووهەم وەك پێویست دەرناچێت و چالاككردنەوەكە وەك پێویست نابێت بەتایبەت ، كەپەیوەندی بە لایەنی ڕێزگرتن و كلتوری زمانی دووهەمەوە هەبێت ، بەڵام لە پێویستییەناچارییە سەرەتاییەكاندا سانایانە چالاككردنەوەی فۆرمەكانی زمانی دووهەم پەیوەست بن یان نا پیەوەست بە چەمك و فۆرمەكانی زمانی یەكەمەوە سەركەوتوو دەبێت .

٢   . هۆكارە دەرەكییەكان

ئەم هۆكارانە لە كاتی ئاخاوتنمان بە شێوازێكی هەواڵی دروست دەبێت و پێویستییەكی ناچاری ناگەیەنێت و لە باری فرەزمانیدا ئەم هۆكارە دەرەكییانە پەیوەست دەبن بە چالاككردنەوەی پراگماتیكی دەوروبەر وەك لەكاتی چالاككردنی فۆرمەكانی وتنی حوكمێك ( ئیدیۆم ، پەندی پێشینان ..هتد)  یان دەربڕینی ڕای خودی وەك بەكارهێنان و چالاككردنەوەی  (جێناو و كردارەكان).

٣.  هۆكارە زمانییەكان

ئەم هۆكارە تەنها لە خودی زمانەوە دێت ، كە چالاككردنەوەی تۆڕی و بەردەوامبوونی چالاككردنەوەی فۆرمە زمانییەكانە واتە فۆرمێكی زمانی زنجیرەیەك فۆرمی زمانی دیكە بەدوای خۆیدا دەهێنێت و سەبارەت بە حاڵەتی فرەزمانیی فۆرمێكی زمانی یەكەم ڕەنگە هاوواتاكانی لە زمانەكانی (٢) و (٣) دەمەوە چالاكبكاتەوە نەك تەنها ئەو چەمكە پەیوەندیدارانەی ، كە بە خودی فۆرمەكەوە هەن لە زمانی یەكەمدا بە ڕادەیەك هەندێك جار چالاكبوونەوەی فۆرمی زمانی زمانی دووهەم و سێهەم خێراترەبێت لە زمانی یەكەم ، كە قسەكەر پێیدەدوێت دیارە ئەمەش پەیوەندی بە ( سەرنجدان و هوشیاری)یەوە هەیە ، كە تاچ ڕادەیەك قسەكەر

کاریگەرە بە زمانی یەکەم یان زمانی دووهەم جێگەی سەرنجییەتی .

ئەو پەیوەندییانەی لەکاتی فێربوونی زماندا بەکاریاندێنین وەك پێویستییەکی ناچاری وایە،چونکە تەنیا لێکدانی کەرەستە زمانییەکان بەڵگەنییە بۆ فێربوونی زمانێك،بەڵکو کەسی فێربوو دەبێت پەیوەندییەکان لەڕووی بەهێزی و بێهێزییەوە لەیەکجیابکاتەوە و بیانناسێتەوە بۆ نموونە :

۲.أ.گەڵابەکە چەوەکەی هەڵڕشت. پەیوەندی بەهێز

ب. گەڵابەکە چەوەکەی ڕشت. بێهێز

پ.گەڵابەکە شوشەکەی هەڵڕشت. لاواز

ت. گەڵابەکە شوشەکەی بارکرد. لاوازە(نائاسایی)

د. پیکابەکە شوشەکەی بارکرد. بەهێزە

ج. گەڵابەکە شوشەکەی ڕشت. لاوازە

**۲) دیاردە و ئاستەکانی چالاککردنەوەی فۆرمە زمانییەکان ( شیکاری پراکتیکی لەسەر فرەزمانیی لەلای قسەپێکەرانی زمانی کوردی وەك زمانی یەکەم )**

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا چالاککردنەوە و ڕێکخستنەوەی فۆرمە زمانییەکان لە پرۆسەکانی فرەزمانییدا پابەندی تۆڕی پەیوەندییەکانن ، کە وشە و لێماکانی زمانەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە چونکە بۆ ئەم فۆرمە زمانیانە چۆنێتی فۆرمگرتنیان لە هزردا گرنگ نییە هێندەی ئەوەی بە چ شێوەیەك یەکیانگرتووە لە تۆڕەکاندا لەبەرئەوەی هەر ئەمانن گواستنەوەی لێماکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەردەخەن بەمەش ئەوە دەردەکەوێت ، کە لێکسیمێك یان لێمایەك ( فۆرمێکی زمانیی) فرە پەیوەندین ( چ لە ناو لێماکانی زمانێکدا یان لەگەڵ لێماکانی زمانەکانی تردا کە تاکێك دەیزانێت ) و ئەم پەیوەندییانە ڕێژەی پتەویان لەسەر چەند کاریگەرییەك بەندە :

١. پلەی لێکچوون ( لە ڕووی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژییەوە )
٢. فراوانی ئەو بوارانەی ، کە تێیدا بەکاردێت
٣. زۆری بەکارهێنانیان لە دەورووبەرە جیاوازەکانی یەك زماندا
٤. ڕێژەی بەکارهێنانی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر

بە شێوەیەکی گشتی فۆرمە زمانییەکان چالاککردنەوە و ڕێکخستنەوەیان لەسەر دوو ئاست دەبێت :

( ١. ئاستی دروستەیی ٢. واتای و تێگەیشتن )

**١. ئاستی دروستەیی**

ئەم ئاستە خۆی لە چالاککردنەوەی ( فۆنۆلۆژی ، مۆرفۆلۆژی ، سینتاکسی ) کەرەستە زمانییەکانی دوو زمان یان زیاتردا دەبینێتەوە :

أ . ڕێکخستنەوە و چالاکبوونەوەی فۆنۆلۆژی

ئاشکرایە ، کە هەر زمانێك پێڕەوێکی تایبەتی فۆنۆلۆژی خۆی هەیە و قسە پێکەرانی بە کارامەییەوە بەکاریدەهێنن و دیاردەو یاساکانی دەناسنەوە لەبەرانبەر ئەم حاڵەتەدا فێرخوازانی زمانی دووهەم توشی پێکەوە نەهاتنی ڕێکخستنی پێڕەوە دەنگییەکەی خۆیان و پێڕەوە دەنگییەکەی زمانی دووهەم دەبن ، چونکەپێڕەوی دەنگی زمانی یەکەم چالاکە و ئەمەشە ، کە وادەکات لەکاتی ئاخاوتندا هەڵە بکەن و پێڕەوی دەنگی زمانی یەکەمیان یان ئەو زمانەی زیاتر چالاکە لەلایان زاڵبێت بۆ نموونە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەو وەرگرتنی هەندێك داتا لە منداڵانی کورد( کە سەرەتا بە زمانی کوردی زمانیان پژاوە و دواتر فێری زمانەکان ئەڵمانی , هۆڵەندی , سویدی ، ئینگلیزی بوون ) دەبینین کاریگەری ژینگەی زمانی دووهەم تەنانەت بەسەر زمانی دایکدا زاڵبووە و یاسا دەنگییەکانی زمانی دووهەم زاڵبووە بەسەر زمانی یەکەمدا بەمەش یاسا دەنگییەکانی زمانی دووهەم چالاکتر بووە لە زمانی یەکەم بۆنموونە داتامان لە خوێندکارێکی سەرەتایی وەرگرت ، کە لە کۆمەڵگای فرەزمانیدا بوون و گرفتی دەربڕینی چەند دەنگێکیان هەبوو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چالاکی پێڕەوی زمانی دووهەمەکە لای ئەو خوێندکارانە

١. زمانی هۆڵەندی بۆ کوردی : /ح/ گۆڕینی بۆ /خ/ وەك ( مزراح ←—— مزراخ)

٢. زمانی سویدی بۆ کوردی : نەتوانینی دەربڕینی /ئـ/

٣. زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی وەك فرەزمانیی : نەتوانینی دەربڕینی / غ / ، /ق/ ، / ھ/

٤. زمانی ئەڵمانی بۆ کوردی : نەتوانینی دەربڕینی / ڵ/ ، / ئـ/

لەبەرانبەر ئەمەشدا قسەپێکەرانی زمانی کوردی وەك زمانی یەکەم کاتێك فێری زمانی ئینگلیزی و عەرەبی دەبن گرفتیان لە دەرکردنی کۆمەڵێك دەنگ هەیە چونکە بەردەوام قسەپێکەران زۆر لەخۆیان دەکەن بۆ چالاککردنەوەی پێڕەوی زمانە دووهەمییەکان وەك لەکاتی دەرکردنی دەنگی (/ ژ / ، / پ/ ...هتد) هەروەها فێرخوازەکان لەکاتی دەرکردنی وشە و ڕستەکانی زمانی دووهەمدا پێڕەوی سینتاکسی و مۆرفۆلۆژی زمانە دووهەمییەکە دەخەنە ژێر یاسا فۆنۆتاکتیکیە کوردییەکانەوە و بە پێچەوانەشەوە ئەمەش چالاکبوونەوە و ڕێکخستنەوەی ئەم ئاستە لە کاتی بەکارهێناندا دیاریدەکات.

ب. ڕێکخستنەوە و چالاکبوونەوەی مۆرفۆ_سینتاکس

ئاستی مۆرفۆلۆژیش وەك لە نموونەکانی ( ٢ ،٣ ) خستمانەڕوو بەپێزترین پەیوەندی و گشتگیرترین وشە ڕۆڵدەبینێت لە بەکارهێناندا و بەخێرای چالاکدەکرێتەوە هەر بۆئەمەش کاتێك کەسێکی فرەزمان ناتوانێت بە زمانێك وشەکان بدۆزێتەوە هەوڵدەدات وشەیەك لە زمانێك لە زمانەکانی دیکەی کە دەیانزانێت چالاکبکاتەوە بەمەرجێك کەسی گوێگر لێیتێبگات و ئاشنابێت بەو وشەیە .

ئاستی سینتاکسیش لە بەکارهێناندا بۆ کەسی فرەزمان ئەو یاسایانە لە لای چالاکن ، کە ڕۆژانە زۆرترین بەکارهێنانی بۆی هەیە بۆنموونە : کەسێك ، کە بە زمانی کوردی و ئەڵمانی فرەزمانە و ئەڵمانییەکەی زیاتر بەکاردەهێنێت ڕستەی ( من نان دەخۆم لە شێوەی من دەخۆم نانەکە ) بەکاردەهینێت لێرەدا پێڕەوی سینتاکسی زمانی ئەڵمانی چالاککردووەتەوە ، بەڵام بە وشەی زمانی کوردی ئەمە سەرەڕای ئەوەی دروستەی مۆرفۆسینتاکسی کوردی کارێکی گرانە بۆ چالاککردنەوەی لە لایەن قسەپێکەرانی زمانێکی ترەوە

بەمەرجێك زمانەكەی بەرانبەر  خۆی لە خۆیدا دروستەی مۆرفۆسینتاكسی نەبێت .

بەم پێیە چەند جۆرێك چالاككردنەوەی هەڵە هەن لەوانە:

١. چالاككردنەوەی وشەی هەڵە

٢. چالاككردنی زمانی هەڵە

٣. چالاككردنەوەی دەربڕین و دركاندنی هەڵە .

لەڕاستیدا پلەی لێكچوون لەڕوانگەی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی نێوان چەند زمانێكەوە خۆی لە دەنگ و وشەكانی ئەو زمانانەدا دەبینێتەوە ، كە تاچ ڕادەیەك لە شێوەدا لەیەك دەچن ئەمەش وادەكات بەكارهێنەر هەندێك جار هەڵە بكات لە چالاككردنەوەی بوارێك چونكە ئەم هەڵەكردنە لە ڕووی واتاوە بەهۆكاری لێكچوونی دەنگیی یان مۆرفێمییەوە بووە لەلایەكی ترەوە تاوەكو زمانی یەكەم و دووەم لێكچونیان زۆربێت لەم ڕوانگەیەوە واتە وشەی شێوە لەیەكچوو و واتا لێكچوویان زۆربێت ئەوا ئاڕاستە چالاككردنەوەی تۆڕە پەیوەندییەكان ئاسانتر و خێراتر دەبێت بۆ نموونە :

لە زمانی كوردیدا  دوو

لە ئینگلیزیدا  Two

لە فەرەنسیدا  dux

هەڵە بەكارهێنان و چالاككردنەوەی تۆڕی هەڵە(Ringbom( 1987: 154

3.All these wooden golves must be cleaned,

لە ئینگلیزیدا :

لە سویدیدا( golv_‘floor ) بەواتای زەوی شوێنێك

لە كوردیدا : شوێنی یاری : گۆڵف

پەیوەست بە فراوانی ئەو بوارانەی ، كە فۆرمە زمانییەكان  تێدا چالاكدەكرێتەوە بۆ زمانی كوردی كاتێك كەسێك وەك زمانی دووەم یان سێهەم فێری دەبێت چەند فۆرمێك بە شێوەیەكی زۆر فراوان چالاكدەبنەوە  و لە ناو كاتیگۆرییەكانیشدا ( ناو و كردار ) بە شێوەیەكی سەرەكیتر چالاكدەبنەوە لە گرنگترین ئەو كردارانەی ، كە چالاكدەبنەوە ( كرد ، برد، هات ، بروم ، ئەخوات ، كری ، ..هتد) ، بەڵام لە بەكارهێنانانی جێناوەكاندا كەسانێك , كە فێری زمانەكە دەبن گرفتیان لە بەكارهێنان و ناسینەوەیاندا توشیدەبێت و ئەوەی جێگەی سەرنجە جێناوی كەسی سێهەمی تاك ( Ø ) لە هەموو جێناوەكانی تر چالاكترە هەرچەندە ئەم جێناوە دونیایەك لە ئەبستراكت بە فۆرمێكی ئەبستراكت دەنوێنێت :

٤.من هات

٥.تۆ چۆن ڕۆشت ؟

٦. من نازانیٚ

هەروەها ڕوانگەی زۆری بەکارهێنانی فۆرمەکان لە دەوروبەری یەك زماندا چەند دەستەواژەیەکی کلێشەی هەن لە زمانەکەدا کە چ قسە پێکەران یان فێربوانی زمانەکە بەبەردەوامی چالاکیدەکەنەوە بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندی بەردەوام وەك ( چۆنی ، نەوەڵلا ، سوپاس ، ئەرەوەڵلا ..هتد) زۆرێگ لە کاتەکانی بەکارهێنانی ئەم دەستەواژانە پێویست نییە واتە کەسی قسەکەر وەك خوو و ڕەفتارێکی زمانی بەکاریاندەهێنێت ، لەمەشەوە چالاککردنەوە لە نێوان زمانی یەکەم و دووهەمدا پابەستی ( دەوروبەر ، زانیاری کلتوری ، تێگەیشتنی خودی و ئازوەزداری ، خوویی زمانیی)ەوە دەبێت.

لەبەرانبەر ئەم حاڵەتەدا ڕێژەی بەکارهێنانی فۆرمەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە و ناسینەوەی هەر فۆرمێك لە شوێنی تایبەتی خۆیدا کارێکی گرانە بۆیە گشتاندن و ڕێکخستنەوەی نوێ دێتەکایەوە وەك بەکارهێنانی فۆرمێك بۆ دەربڕینی جۆراوجۆر ، بۆنموونە قسەکەری زمانی کوردی کاتێك فێری زمانێکی وەك ئینگلیزی دەبێت ئاوەڵناوەکانی ( Happy , beautiful , good , bad, nice ) زۆر بەکاردەهێنێت زیاتر لەوەی ، کە ئەم ئاوەڵناوانە لە زمانە بنەڕەتییەکەدا بەکاردەهێنرێت , هەروەها بە ڕێژەیەکی زۆر کردارەکانی ( want , think , have , go , come ) بەکاردەهێنرێت و چالاکدەکرێتەوە چونکە تۆڕی پەیوەندییەکانیان بەهێزە لەگەڵ کردارە زۆر بەکارهێنراوەکانی زمانی یەکەمدا و ئەمەش هۆکارەکەی ئەوەیە ، کە بۆ پێویستی ناچاری بەکاردەهێنرێن .

دیاردەیەکی تر بریتییە لە چالاککردنەوەی جێناوەکانی زمانی ئینگلیزی ، قسە پێکەرانی زمانی کوردی زۆر بە گران جێناوە بەرکارییەکانی زمانی ئینگلیزی دەناسنەوە ئەمەش پەیوەندی بە تۆڕی جێناوەکانی زمانی یەکەمەوە هەیە ، کە زمانەکە یەك جۆری هەیە ، بەڵام لە ئینگلیزیدا دوو شێوەن بۆنموونە :

چالاکن { She, He }

ناچالاکن { Her, Him, It }

٧.ئەو من برد.
٨.من ئەوم برد .
{ دیارینەکردنی ڕەگەز و جیاکاری بکەریی و بەرکاریی }

9.S/He toke me
10. I toke her/ him




هێڵکاری ( ٤)

هەروەها شێوە فۆرمی (ed ) و ( ing ) بۆ دروستکردنی کردار زۆر چالاکن بە ڕادەیەك کردارە

ناوازەکانیش هەر بەم شێوازە دادەڕێژن ( I am ing ), (Put – puted )

**٢. تێگەیشتن لە واتا**

زۆربەی ئەو داتایانەی وەرمانگرتوون زمانی ( هۆڵەندی ، سویدی ، ئەڵمانی ، ئینگلیزی ) بە ئاسانتر دەزانن بۆ گەیاندی بیر و ئەو چەمکانەی دەیانەوێت بیگەیەنن و لە ئێستادا ، کە هەندێك لە داتاکانمان لە کوردستانن و لە ناو خەڵکی کورددان پێیان وایە بە زمانی ئینگلیزی گەیاندن ئاسانترە هەرچەندە ئێستا بیرکردنەوەیان لە شتەکان بە زمانی کوردییە تەنها یەکێك لە داتاکان نەبێت ، کە بیرکردنەوەکانیشی تا ئێستا هەر بە زمانی سویدییە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ناو خێزانەکەشیدا تا ئێستا بە زمانی سویدی قسەدەکەن و زمانی کوردی لایان ناچالاکە .

دەتوانین چالاککردنەوەی تێگەیشتن لە نێو زمانەکاندا لە کەسێکی فرەزماندا بەم شێوەیە بخەینەڕوو:

چالاککردنەوەی بیرو چەمك و گەیاندنی بە فۆرم لە زمانی یەکەمدا ← چالاککردنەوەی بیرو چەمك گەیاندنی بە فۆرم لە زمانی دووهەمدا

چالاککردنەوەی بیرو چەمك و گەیاندنی بە فۆرم لە زمانی دووهەمدا ← چالاککردنەوەی بیرو چەمك گەیاندنی بە فۆرم لە زمانی یەکەمدا

هێڵکاری ( ٥.أ)

بۆ نموونە :

١١.ئەوپارە دروست دەکات ↔ پارە پەیدا دەکات He is making money

↓

( چالاك بەرانبەر زمانی دووهەم لەلای قسەپێکەری فرەزمانیی عەرەبی –ئینگلیزی– کوردیدا وەرگێڕانی پیتی بۆ کردووە )

١٢. ئەو لە ئیشە ↔ ئەو دەوامی هەیە He is in his work

↓

( چالاك بەرانبەر زمانی دووهەم لەلای قسەپێکەری فرەزمانیی عەرەبی –ئینگلیزی– کوردیدا وەرگێڕانی پیتی بۆ کردووە )

هێڵکاری ( ٥.ب)

لەمەوە دەردەکەوێت، کە کەسی فێربوو بە زمانی یەکەم هەڵدەستێت بە گۆڕینی پەیوەندی نێوان تۆڕەکانی ڕێکخستنی وشەکانی لەبەردەم فێربوونی زمانی دووهەمدا واتە بەهۆی فۆرمی زمانی دووهەمەوە جۆرایەتی و چەشنی پەیوەندییەکان لە زمانی یەکەمدا دەگۆڕن بۆنموونە :

لە زمانی کوردیدا

١٣.أ.ئەو حەزی لە خواردنی خۆشە.

ب.ئەو حەزی لەوە .

پ.ئەو حەزی لە جلی جوانە .

لە زمانی ئینگلیزیدا ( وشەی Like , Love ) دا لێك جیاكراوەیە تەنانەت لە بەكارهێنانیشدا ئەم حاڵەتە دەبینرێتەوە واتە تێكەڵبوون لە نێوان دوو چەمكەكەدا ڕوونادات ، بەڵام كاریگەری تۆڕی پەیوەندی وشەكان لە هەردوو زمانەكەدا دەگۆڕێت وەك قسەپێكەرێكی زمانی كوردی كاتێك فێری زمانی ئینگلیزی دەبێت چەمكی حەز بۆ حاڵەتە گشتگیرەكە بەكارناهێنێت و كەسی فێربوو بە زمانی كوردی وەك زمانی دووهەم چەمكی (Like ) ەكە گشتگیرتر دەكات و ئاڕاستەی مۆدێلی بیركردنەوەی فێربوو بە زمانی كوردی وەك زمانی دووهەم دەگۆڕێت :

لە زمانی یەكەمدا ( كە زمانی ئینگلیزییە ) تۆڕەكە بەم شێوەیە دەبێت




هێڵكاری ( ٦.أ)

كاتێك فێری زمانی كوردی دەبێت وەك زمانی دووهەم ئەوا پەیوەندی ( حەز بە هەستەكانی مرۆڤەوە نزیك دەبێتەوە لە خۆشەویستی كردن ) لە كاتێكدا لە زمانی ئینگلیزیدا (  ) بۆ مرۆڤ لە حاڵەتێكدا بەكاردێت ، كە پەیوەندییەكە زۆر جدی و قووڵ نەبێت بە پێچەوانەی ئەو گەیاندنەی كە ( حەز ) هەیەتی لە زمانی كوردیدا بۆیە ئاڕأستەی تۆڕە پەیوەندییەكە بەم شێوەیە دەگۆڕێت :




گۆشەی گۆڕینی مۆدێلی بیریی لە ئینگلیزییەوە بۆ تێڕوانین و بیركردنەوەی كوردی

هێڵكاری ژمارە ( ٦.ب )

تێڕوانین لە( كات ) لە كلتوری ئینگلیزیدا تێڕوانینێكی پڕ لە نرخزانین و گرنگییە هەر لەبەر ئەم هۆكارەشە ، كە بە شێوەی ( ڕاكردن running ) دەردەبڕێت ، بەڵام لە كلتوری كوردیدا بە كرداری ( دەڕوات )

دەردەبڕێت .

Time is running .أ.١٤

ب.كات دەڕوات




**گۆشەی گۆڕینی مۆدێلی بیریی لە ئینگلیزییەوە بۆ تێڕوانین و بیركردنەوەی كوردی**

**هێڵكاری ژمارە ( ٧ )**

بە شێوەیەكی گشتی چالاككردنەوەكان لەسەر ئاستەكانی زمانە و هەندێك جار تایبەتە بە ئاستێكی دیاریكراوە واتە هەندێك جار بەشێك یان ئاستێكی زمانێكی دیاریكراو لە فرەزمانیدا بەردەوام چالاكدەبێتەوە و هەڵە دەبێت لە بەكارهێنانی زمانی دووهەمدا لەڕاستیدا ئەوەندەی چالاككردنەوەی ئاستەكانیش گرنگە هێندە چالاككردنەوەی هەموو زمانەكە گرنگ نییە .

## ئەنجام

١. ڕێژە و پلەی لێكچوونی فۆرمە زمانییەكان ( لە ڕوانگەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژییەوە ) لە نێوان زمانی یەكەم و دووهەمدا ڕۆڵێكی پۆزەتیڤی و نێگێتیڤیانەی هەیە ، لەلایەكەوە هاوشێوەی فۆرمەكان هەندێك جار زمانبەكارهێن لە ڕووی واتاوە بەهەڵەدا دەبەن ( ئەمەش لایەنی نێگێتیڤییە ) لەلایەكی تریشەوە هاوشێوەیی ئەم فۆرمانە ( لەڕووی شێوە و واتاوە) چالاككردنەوەی تۆڕە پەیوەندییەكان ئاسانتر و خێراتر دەكات .

٢. ناسینەوەی فۆرمە زمانییەكان لە جێكەوتەی خۆیاندا پەیوەست بە زمانبەكارهێنی زمانی دووهەمەوە كارێكی ئاسان نییە ، بۆیە گشتاندن و ڕێكخستنەوەی نوێدێتە كایەوە بۆنموونە بەكارهێنانی فۆرمێك بە گشتێنراوی بۆ چەند بارێكی جیاواز وەك لە بەكارهێنانی ئاوەڵناوەكاندا دەبینرێتەوە كاتێك قسەپێكەری زمانی كوردی بە زمانی ئینگلیزی دەدرێت .

٣. قەپێكەری زمانی كوردی كاتێك جێناوەكانی زمانی ئینگلیزی چالاكدەكاتەوە توشی گرفت دەبێت ، وەك لە جێناوە بەركارییەكاندا دەردەكەوێت ، سەرچاوەی ئەم گرفتەش دەگەڕێتەوە بۆ پێدانی دۆخی ڕێزمانی بەتایبەت (زاری سلێمانی) ، كە دۆخی وەك نیشانەی مۆرفۆلۆژی تێدا دەرناكەوێت.

٤. كەسی فێربوو بە زمانی یەكەم هەڵدەستێت بە گۆڕینی پەیوەندی نێوان تۆڕەكانی ڕێكخستنی وشەكانی لەبەردەم فێربوونی زمانی دووهەمدا.

٥. لە بەكارهێنانی زمانی دووهەمدا لەڕاستیدا ئەوەندەی چالاككردنەوەی ئاستەكانیش گرنگە هێندە چالاككردنەوەی هەموو زمانەكە گرنگ نییە.

## الخلاصة

يتناول هذا البحث (اعادة تنظيم و تنشيط الاشكال اللغوية خلال استعمال اللغتين الاولى و الثانية) تعددية اللغة و ظواهرها من منظور علم اللغة النفسي والاجتماعي و يعالج المشاكل التى يواجهها الاشخاص الذين يتكلمون بلغتين في ان واحد ، حيث يكون من الصعب على المتكلم ذي اللغتين اثناء الكلام ان يهيء تلقائيا ذهنه و بسرعة لالتقاط مايريده من مفاتيح اللغة الاولى واعادة وحداتها و برمجتها للتعبير عما يدور بخلده ،اى ما يحتاجه في حواره مع الاخرين و الاستجابة الطبيعية للدخول في المحادثة دون تلكأ و تأخير . و على سبيل المثال مايعانيه طفل كردى في البلدان الاوروبية او الاجنبية بشكل عام عند استعماله اللغة الاولى و الى أى حد تكون لغته الثانية (أي لغته الام ) عائقا أمامه اثناء التفكير و التكلم ، بالاضافة الى هذا كيف يقيم الجانب النفسي للأنسان علاقاته على كافة مستويات اللغة ؟

يركز هذا البحث بشكل عام حول الاختلافات و الخصوصيات اللغوية والتى توجد في اللغات أيا كانت . وتؤثر هذه المميزات اللغوية و بالاخص للغة الاولى على الانسيابية في الكلام و كذلك على الانتماء القومي للاولاد الاجانب المقيمين خارج وطنهم الام ، لذا يحاول البحث الاجابة على سؤالين:

أولهما :كيف تؤثر تعلم اللغة الكردية و وجود المناهج بها على تقوية هذه اللغة و تطويرها ؟

و أما السؤال الثاني فهو : ماهي المعوقات اللغوية و ماهي علاقتها بالبيئات التي تتواجد فيها عدة لغات ؟ وماهى علاقة هذه كلها بالانتماء القومي للمتواجد في هذه الاجواء أي خارج موطنه ؟ و نقصد من هذه الاستطرادات بالذات ، هل ان تدريس لغة الام في هذه البيئات و في المدارس خاصة ، تفسح مجالا للغة الاولى ان تتطور و تشق طريقها نحو الأمام ، بالرغم من وجود هذه العقبات ...؟


## Rearrangement and Activation of Linguistic Forms among the Processes of First-Second Language usage


The present study is done within the scope of psycholinguistics and sociolinguistics. It deals with the study and interpretation of topics related to multilingualism. It is preoccupied with topics and difficulties that the interlocutors of two languages encounter during the usage of two different languages and the speakers try to have an access to a specific code of the first language and they do not have ability to retrieve the linguistic units. This means that how Kurdish children can trigger and activate the linguistic forms and when the second language will be the barrier to retrieve and continuation in the conversation. It also tries to find out how this psychological aspect interacts and has relations with the other levels of language.

Generally speaking, this study highlights the linguistic differences and features among languages, particularly those differences that can be found in the usage of the first language and it influences on the fluency and national identity. As a result of the previous factors, the study tackles the following questions:

- Dose Kurdish Educational system (studying in Kurdish) has influence on the reinforcement of the Kurdish language?
- What are the linguistic barriers and their relationships with multilingualism in the multilingual environments and are they biased to national identity? In other

words, relating to using and acquiring the second language in the schools or in external situations, can the first language resist and protect itself ?

On the other hand, this study examines a set of hypotheses which are pertained to second language acquisition and learning in the multilingual communities. For this purpose, the researcher tries to provide examples from the language itself so as to reveal those obstacles related to interferences and intersections of two languages from the linguistic point of views. In addition, the study attempts to shed light on the effect of the environment and the way of comprehension from the conversation through pragmatic and sociolinguistic means. The study includes both theoretical and empirical scopes of language. It accurately analyzes the linguistic data of those children who are multilingual and they acquired other languages through their schools or environments.


**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

١. ئاڤێستا کەمال مەحموود . ( ٢٠١٢) . پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا. بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاۆکردنەوەی سلێمانی .

٢. ــــــــــ.( ٢٠١٢) . خوێندن بە زمانی کوردی لە خوێندنگاکاندا و پەیوەندییەکانی بە جۆراوجۆری زمانی و ناسنامەی نەتەوایەتییەوە. هەولێر

٣. شاخەوان جەلال فەرەج .( ٢٠١٣) . تابوو وەك نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور . بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاۆکردنەوەی سلێمانی .

٤. لارسن میلر .( ٢٠١٠) . سایکۆلۆژیای زمان .

٥. کاروان عومەر قادر .(٢٠٠٨) . ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا . مەڵبەندی کوردۆلۆژی

٦. عبدالجبار مصطفی . ( ٢٠١٠ ) . دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا .مەڵبەندی کوردۆلۆژی

٧. محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر ئەحمەد. (٢٠٠٤ ) . مۆدێلی ڕێزمانی کوردی . چاپخانەی ژیر

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

١. حنفي بن عیسی .( ٢٠١١) محضرات في علم النفس اللغوي . دیوان المطبوعات الجامعیة

٢. سلیمان عبدالواحد ابراهیم .( ٢٠١٢). الذاكرة و ما وراء الذاكرة . دار أسامة للنشر و التوزیع

٣. جورج یول . ت .محمود فراج عبدالحافظ.( ٢٠٠٠). معرفة اللغة .

# Reference

1. Dechert, H.W.(2000). Modelling Second Language Processing .
2. Dornyei , Z. ( 2012) . The Psychology of Second Language Acquisition . Oxford University Press .
3. Krashen, S.D .(2002) .Second Language Acquisition and Second Language Learning. University of Southern California.
4. Lightbown,P,M.& Spada,N.( 2006 ). How language learned (3ed).New York : Oxford university press.
5. Pavlenko, A. .( Ed) .( 2009). The Bilingual Mental Lexicon Interdisciplinary Approaches. British Library Cataloguing in Publication Data.
6. Robinson,P. & Ellis, N .C.(2008) . HANDBOOK OF COGNITIVELINGUISTICS AND SECOND LANGUAGE ACQUISITION. Rutledge. New York . London
7. Takac .V.P.(2008).Vocabulary Learning Strategies and Foreign Language Acquisition .Cromwell Press Ltd.
8. Ulliman,M,T.( 2001). The neural basis of lexicon and grammar in first and second language: the declarative/procedural model. Bilingualism: Language and Cognition Cambridge University Press, 4 (1),P 105±122